

# "مه‌هاباد قه‌ره‌داغی"

## بۆ

# "گۆڤاری مه‌هاباد"

## ده‌دوێ

**سازدانی دیمانه : حسێن مه‌ردانی**

ڕێبه‌ندانی 2005

- **ئێوه سه‌ره‌تا خۆتان بڵێن كه ژیانی منالّیتان له كوێ بووه و چلۆن بوو كه هاتنه ناو جیهانی شیعره‌وه؟**

**مه‌هاباد قه‌ره‌داغی:** شارۆچكه‌ی كفری، شوێنی له‌دایكبوونم و منداڵی و لاوێتیم و تا ته‌مه‌نی 25 ساڵی ژیانم له‌وێ به‌سه‌ر بردووه. له دوانزه ساڵی ده‌ستم به نووسین كرد و له چوارده‌ساڵی یه‌كه‌مین شیعرم ڕووناكی بینی.

- **ئه‌و هۆكار و پاڵنه‌رانه‌ی كه بوونه‌هۆی ئه‌وه‌ی ئاوا له دونیای شیعر و ئه‌ده‌بیات گه‌شه‌بكه‌ن به گشتی چ بوون و به تایبه‌تی كامانه‌ن؟**

**مه‌هاباد:** ژینگه‌ی من ژینگه‌یه‌كی ئه‌ده‌بی بوو. ته‌ماشای هه‌ركوێم ده‌كرد له ده‌ورووبه‌ری خۆمه‌وه كتێبم ده‌دی. باپیرم شیعری نووسیووه و ده‌یان ده‌ستنووسی ئه‌و به هه‌ر چوار زمانی ناوچه‌كه كوردی، عه‌ره‌بی، فارسی و توركی له‌ناو كتێبخانه‌ی ماڵماندا هه‌بوو. مامم شاعیر بوو، براگه‌وره‌كه‌م نووسه‌ر بوو، ئه‌وانی تر له‌ده‌ورووبه‌رم شیعردۆست بوون، هه‌موو ئه‌مانه وایان كرد له نێو ئه‌و به‌هه‌رانه‌دا كه به منداڵی هه‌مبوون و خۆمم تییاندا تاقی ده‌كرده‌وه، وه‌كو خۆشنووسی، وێنه‌كێشان و نووسین، شیعر له‌هه‌موویان زیاتر گه‌شه‌بكات، دواتریش به‌ره‌و ژانره‌كانی تری ئه‌ده‌ب هه‌نگاوم نا.

- باسی ڕۆڵی زمانمان بۆ بکە لەسەر شیعر، واتە ئەو لایەنانەی زمان چین کە شیعرییەت بە شیعر دەبەخشن و وا لە شیعر دەکەن کە شیعرەکە لای خوێنەر مەقبوول بێت و تام و چێژی لێ وەربگرێت؟

مەهاباد : هێزی ڕاکێشەر لە زمانی شیعریدا، بۆ ئەوەی بیکات بە شیعرێکی چێژبەخش، "زەنگ و سەنگ و ئاهەنگ"ی وشەکان و چڕیی ماناکانێتی. مەبەستم لە زەنگی وشە ئەوەیە لە نێو چەندان هاوواتادا کام وشەیان هەژێنەرترە واتادارترە و خاوەنی زەنگێکی زیاترە، شاعیر ئەویان هەڵبژێرێ شیعرەکەی جوانتر دەبێت. مەبەستم لە سەنگی وشە، بەکارهێنانی ئەو واژانەیە کە فرەمانان و وەک کرِیستاڵ چەندان ڕەنگی جیادەنوێنن و شیعرەکە ڕەنگین دەکەن. ئاهەنگی وشەش بەو مانایە بەکار دەبەم کە ئەوانە بن سووک و نەرم و نیان خۆیان دەخزێننە ناو شیعرەوە و بەزۆر و تۆپزی بەکار نابرێن. لای من وایە، ڕەنگە بۆ کەسی تر وا نەبێت. من بۆ خۆم لە بەکارهێنانی زماندا بۆ شیعر بە بێ خۆبەستنەوە بە هیچ ڕێسا و یاسایەکی زمان لە وشەی زەنگدار و سەنگدار و ئاهانگدار دەگەڕێم.

- ئێوە وەک شاعیرێکی بەتوانا تاکو بە ئێستا چەند بەرهەم و کتێبتان بە چاپ گەیاندووە و زیاتر لەگەڵ کامە بلاڤۆک و گۆڤار هاوکاریتان هەبووە؟ هەرچەند ئێستاکە وا بزانم لە گۆڤاری شین کار دەکەن و لەوێ ئەندامی دەستەی نووسەرانن؟

مەهاباد: 23 کتێبم بەچاپ گەیاندووە. لەوانە شەشیان شیعرن. ئەوانی دی چیرۆک، ڕۆمان، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان و کتێبی پەروەردەیین. لە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە و بلاڤۆکدا نووسینم بلاوکردۆتەوە ، لە هەندێ سایتی ئینتەرنێتیشدا لاپەڕەی تایبەتم هەیە وەکو کوردستاننێت، دەنگەکان و ژننامە. لە گۆڤاری "شین"یشدا لە ژمارە "4"ەوە لەدەستەی نووسەران کار دەکەم. بڕیار وایە لەم گۆڤارەدا پەیڕەوی تەواو لە یەکسانی بکەین، هەر لە ژمارەی دەستەی نووسەرانەوە تا ناوەڕۆکی گۆڤارەکەش. هیوادارم ئەم هەوڵەمان دەستپێشخەرییەکی باش بێت و ئەزموونێکی یەکسانیخوازانە بێت و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تریشدا پەیڕەوەی بکرێت.

- بیروبۆچوونی ئێوە سەبارەت بە پۆست مۆدێرنیتە چۆنە و ئاخۆ دەوری ئەم ڕێبازە چۆن دەنرخێنن لە ئەدەبی گەلاندا و هەروەها کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی داخراوی کورد چلۆن تاوتوێ دەکەن؟

**مەهاباد:** مۆدیرنیتە، وەک سۆسیۆلۆگی ناسراوی ئینگلیز ئەنتۆنی گیدینز دەڵێ، کاریگەرییەکی بنچینەیی لەسەر کارەکتەری ژیانی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە دەبێت و گۆڕانکاریی لە ڕووە هەرە کەسیی و تایبەتییەکانی ئەزموونەکانمانەوە دەبێت. گیدینس مۆدیرنیتە وەک "کلتووری مەترسی" ناودەبات. مەبەستی گیدینس ئەوە نییە کە خودی کلتوورەکە مەترسیدارە، بەڵکە چەمکی مەترسی لێرەدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە بە بڕوای ئەو لە مۆدیرنیتەدا ئەکتۆرە ئاساییەکان و پسۆڕەکانی تەکنیک ژیانی کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن. هەستی تاکەکەسی بۆ بێنرخی و، هەستکردن بەوەی ژیان شتێکی نییە پێشکەشی بکات یەکێکە لە کێشە دەروونییەکانی مرۆڤ لە قۆناغی پۆست مۆدیرنیتەدا.
کە دیاردەیەک بەو شێوە کار لە وردودرشتی ژیان بکات، بێگومان خۆی دەخزێنێتە نێو ئەدەبیشەوە. چونکە دواجار ئەدەب ڕەنگدەرەوەی ژیانەوە و لە ژیانەوە ڕەنگ وەردەگرێت. کاریگەری تەکنیک لەسەر ئەو کۆمەڵگەیەی کە داهێنەری تەکنیکەکەن جیاوازە لە کاریگەرییان لەسەر ئەو کۆمەڵگانەی کە تەنها وەرگری ئەو تەکنیکانەن و مەسرەفکاری ئەو تەکنیکانەن. کۆمەڵگەی کورد، کۆمەڵگەیەکی داخراو بووە و درەنگتر کلتووری مەترسی پێ گەیشتووە، وەلێ ئەوەتا پێی گەیشتووە. بە بۆچوونی من ئەگەر خوێندنەوە و تێگەیشتن و پێگەیشتنێکی زانستی بۆ ئەو ئامراز و شێوازانەی کە بەرهەمی مۆدیرنیتەن و دەگەنە کۆمەڵگەی ئێمە، نەبێت،کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی زیاتر دەبن.

- باسی گڵۆبالیزم و شوێندانانی لەسەر پێوەندییەکان و بە تایبەتی لەسەر جیهانی ئەدەبیمان بۆ بکە.

**مەهاباد:** بە هەمان شێوە گلۆبالیزم بریتییە لە تواناکاری و ڕیسک. بۆ ئەوەی سوود لە تواناکارییەکانی وەرگری دەبێ دەرفەتت بۆ پێشکەوتن و گەشەدان بە خۆت هەبێت، تا بتوانی لەگەڵ ئەو پرۆسە تیژڕۆیەی پرۆسەی گلۆبالیزەدا هەنگاو هەڵگری. ئەگەر نا بەجێدەمێنی و دەکەویتە بەر مەترسییەکانیەوە. ئینتەرنێت بۆ نموونە تۆڕێکی پەیوەندی و زانیارییە هەموو کات و شوێنێکی جیهان بەیەکترەوە دەبەستێتەوە. ئەم هۆکاری پەیوەندی و زانیارییە گەیشتووەتە لای ئێمە و سوود و زیانیشی لێوەردەگیرێت. دامودەزگا کلتووری و ڕووناکبیرییەکان توانیوویانە تا ڕادەیەکی باش سوودی لێ وەربگرن، تاکەکەسی زانیاریخواز توانیوویەتی سوودی لێ وەربگرێت، بەڵام هەشن تەنها بۆ کاتبەسەربردن و هێرشبردن و شەڕفرۆشتن بەکاری دەهێنن. ئەم دۆخانەش سەیر نین و ئەو ڕووداوانە وەک ئاسایی دەبینم، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگە گەشەدەستێنێ تێگەیشتن لەو دیاردانەی کە پرۆسەی جیهانگیری دەیهێنێت ساناتر دەبێتەوە و بەکارهێنانیشیان سروشتیتر دەبێت.

- **خاتوو مەهاباد ئێوە بۆ خۆتان پەیڕەوی لە کام شێواز، دارشتنخوازەکان یان فۆرمالیستەکان دەکەن؟**

**مەهاباد:** پەیڕەوی هیچیان ناکەم. لە شیعرنووسیندا نە پەیڕەوم هەیە و نە پرۆگرام، نە خۆمی بۆ ئامادە دەکەم و نەش بیری لێ دەکەمەوە کاتێ دەینووسم، ئیدی خۆی دواجار دەچێتە نێو چ چوارچێوەیەکەوە بۆ من گرنگییەکی ئەوتۆی نییە. پێم وایە دەستنیشانکردنی شێواز تەنها دوای نووسینی دەقەکە و ڕەخنەگران دەیکەن نەک شاعیر خۆی بڕیاری دابێ پەیڕەوی چ ڕێبازێک و شێوازێک بکات.

- **ڕاتان لەسەر حەزرەتی نالی و کاریگەری ئەو لەسەر ئەدەبی کوردی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

**مەهاباد:** حەزرەتی نالی دەقی نەمری بۆ ئەدەبی کوردی بەجێهێشتووە، بۆیە پایەیەکی پتەوی ئەدەبی کلاسیکی کوردی یە و ، لە لای من پایەیەکی پتەوی ئەدەبی نوێشە. کە من بتوانم لە ئەمڕۆدا ئەوەندە چێژ لە شیعرێکی ئەو وەربگرم و ئەوەندە قووڵ بە ناخیدا ڕۆبچم، ئیدی بۆ من شیعری نالی دەبێتە شیعری نوێ. کە شیعرێک ناسنامەی نەمری وەرگرت هاوکات هی هەموو ئەو زەمانانەشە کە نەمرێتی ئەو دەپارێزێ.

- **سەبارەت بەو بزاڤە ڕۆشنبیرییەی کە یەک دەیەیە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادایە چلۆن دەڕواننە لایەنە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی؟**

**مەهاباد:** سەرەڕای بارودۆخێکی سیاسی دژوار کە بەربەستی زۆر بۆ جوڵانەوەی مرۆڤ، بیرکردنەوەی مرۆڤ و داهێنانی مرۆڤ دادەنێت، بەڵام هێشتاش سەرەتایەکی باش و زیندوو دەبینم لە بزاڤی ڕۆشنبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بە هەڵسەنگاندنی من لەو دەیەیەدا ڕێگەی دوو دەیەی بڕیوە. دانوستانی کلتووری لە نێوان بەشەکانی کوردستان جێی بایەخە و ئەزموونگۆڕینەوەی هەردوو بەشی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەت ڕێگاکە کورتتر دەکاتەوە.

- **ڕاتان لەسەر ڕۆڵی گۆڤاری مەهاباد چییە و بە نیسبەت ئەوەی کە لە کەش و ئاووهەوایەکی داگیرکراو و بەرتەسکدا باڵای کردووە و پەرە بە زمانی ڕەسەن و شیرینی کوردی دەدات و دەتوانم بڵێم تاقە دەنگ و تاقە گۆڤاری نەتەوەیی و سەربەخۆیە سەرەڕای هەندێ حەوتوونامە و وەرزنامە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە لایەن دەزگاکانی حکومییەوە پشتیوانیان لێ**

**دەکرێت بۆ وێنە گۆڤاری سروە حکومەت لە بواری مادییەوە بودجەی بۆ تەرخان کردووە، یان حەوتوونامەی ڕۆژهەلات کە لە لایەن دەزگای حکومی ئێرانەوە و ناڕاستەوخۆ لە لایەن ینک یشەوە پشتیوانی لێ دەکرێت؟**

**مەهاباد:** من هەست دەکەم ڕۆحی زمانی کوردی لەناو دەڤۆکی موکریانیدا کۆبووەتەوە. بۆ من وایە و شیعرەکانی هێمن، وەرگێڕانەکانی عەبدوڵڵای حەسەن زادە و هەندێ شاعیر و نووسەری تری ڕۆژهەلاتی کوردستان، کە بە چێژێکی زۆرەوە بەرهەمەکانیانم دەخوێندەوە گەشەی زۆریان بە زمانی نووسینی من دا. شاری مەهاباد، چونکە شارێک بووە لە ڕووی کلتوور و سیاسەتیش دا مەڵبەند بووە، زمانی کوردی لەوێدا گەشەسەندووتر و پاراوتر بووە و کەمتر کاریگەری زمانی فارسی لەسەر بووە. ئێستا لەم دەیەیەی دواییدا لە شاری سنەشدا بایەخی زۆر بە زمان و کلتوور و ڕۆشنبیری کوردی دەدرێت و ئەمەش جێگەی خۆشی و دەستخۆشییە.
گۆڤاری مەهاباد لە ڕووی ناوەڕۆکەوە پوختەیە و لە ڕووی شێوەشەوە تا ڕادەیەک مۆدێرنە، دەکرێ لە هەردوو ڕووەکەشەوە بەرەوپێشەوەتر بڕێ. وەک تۆ دەڵێی گۆڤاری مەهاباد سەربەخۆیە، واتە پەیوەست بە هیچ دامودەزگایەکی حکومییەوە نییە. بێگومان ئەگەر گۆڤارێک لە ڕووی ئابوورییەوە وابەستە نەبێت بە حکومەتێکی داگیرکەرەوە باشتر دەتوانێ گوزارە لە هەستی نەتەوەیی، بیری نەتەوەیی و داهێنانی نەتەوەیی بکات. بەڵام بە نیسبەت گۆڤاری کوردی لە هەر بەشێکی کوردستاندا بێت ئاساییە لە ڕووی ئابوورییەوە "حکومەتی کوردستان" لە باشوور، یارمەتی بدات و هیچ منەتێکیشی تێدا نییە. من دەڵێم "حکومەتی کوردستان" یارمەتی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بدات ئاساییە و باشە. بەڵام ئەگەر حیزبەکان یارمەتییان بدەن، ڕەنگە پابەندیان بکەن بە هەندێک مەرجی خۆیانەوە، دەنا هەر حیزبێکی کوردستانی لە باشووردا یارمەتی هەر گۆڤار و ڕۆژنامەیەکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بدات بە بێ ئەوەی مەرجی لەسەری هەبێت، ئەوە نەک بە ئاسایی دەیبینم، بەڵکە بە پۆزەتیڤیش هەڵیدەسەنگێنم.

سەبارەت بەو گۆڤار و دەزگایانەی یارمەتی لە حکومەتی داگیرکەری ئێران وەردەگرن، وەک ئەو قۆناغەی باشووری کوردستان وایە کە ڕۆژنامەی هاوکاری، گۆڤاری بەیان، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، نووسەری کورد و هتد..ی لە بەغدا وەردەگرت. بەڵام ئەوسا چارێکی دیکە نەبوو بۆ نووسەرانی ئەم بەشە کە بتوانن بەرهەمەکانیان بگەیەننە خەڵک و بزاڤی ڕۆشنبیری و زمانی کوردی پەرە پێ بدەن، جگە لەوەش دەوڵەت لە دەستووردا و بە فەرمی دانی نابوو بە زمانی کوردی و سووکەمافێکی نەتەوەیی کورد دا.

بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستا کە بەشێکی کوردستان ئازادە، پشتیوانییەکی یەکجار گەورەیە بۆی و دەتوانێت سوود لەو فاکتەرە گرنگە وەربگرێت بۆ ئەوەی دەوڵەت کە یارمەتی دەزگایەکی کلتووری یان گۆڤارێکی دەدات مەرجی خۆی بەسەردا نەسەپێنێ. بۆ نموونە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەوسای ئێمەدا لەم بەشە، دەوڵەت کە یارمەتی دەدا، ئەو مەرجەشی هەبوو کە سەرنووسینی ڕۆژنامەکە لە بەرژەوەندی سیاسەتی دەوڵەتدا بێت و وێنەی سەددام لە یەکەم لاپەڕەی گۆڤارەکەدا بێت. ئەگەر هەمان مەرج بۆ گۆڤارەکانی ڕۆژهەڵات دانرابێت لە پای یارمەتی ئابووری دەوڵەت بۆی، ئەوا دەتوانێت لێی یاخی بێت و ئەو مەرجە ڕەت بکاتەوە، چونکە ئێستا کورد لەو بەشەدا بێ پشتیوان نییە و بزاڤی ڕووناکبیری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە لایەن بزاڤی ڕۆشنبیری باشووردا هاوکارن.

- **ئێوە وەک کەسایەتییەکی چالاکی داکۆکیکار لە مافی ژنان بایەخ و بەهای تایبەتیتان لە لایەن کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە پەیدا کردووە. چلۆن دەڕواننە بارودۆخی مافی ئافرەتان و ژنان لە کوردستانی ئێران و بۆشایی کۆمەڵەکانی و بزاڤی ژنان لەم دییوەدا؟**

**مەهاباد:** بزووتنەوەی ژنان لە باشووری کوردستاندا تەنها لە دوای ڕاپەرینەوە توانیوویەتی مێژوویەک بۆ خۆی تۆمار بکات و چالاک بێت لەبواری داواکردنی مافەکانی ژن، پێش ڕاپەڕین وەک هەر دیاردەیەکی تری پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، خەباتی ژنانیش خنکێنرابوو. تەنها دوای ڕاپەڕین ژن لە باشووردا توانی بێتەگۆ و خۆی ڕێک بخات و سەرەتایەک بۆ هەبوونی خۆی دەست پێبکات. کە وا دەڵێم نکۆڵیش ناکەم لەو هەموو کەموکورییەی کە بزوتنەوەی ژنان لەم بەشەی کوردستاندا هەیەتی. گەورەترین کەموکورییش دابەشبوونی دەنگیانە، کە دەبوو یەکدەنگییەک لەئارادا بێت و ستراتیژییەکی هاوبەش بزووتنەوەی ژنان لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.
لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمان خنکان کە ژنانی باشوور لە پێش ڕاپەڕین هەیانبوو، هەیە. تا ماوەیەکی کەم پێش ئێستا دیاردەیەکمان هەست پێ نەدەکرد ناوی ڕێکخراوی ژنان یان بزووتنەوەی ژنان بێت. من پێم وایە وەک چۆن لە هەموو بوارەکانی تریشدا باشوور کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری کوردستان هەیە، ئاواهیش بزوتنەوەی ژنان لە باشوور ئەگەر بەهێز بێت، کاریگەری پۆزەتیڤی دەبێت لەسەر ژنانی ڕۆژهەڵات و بزوتنەوەکەی ئەوانیش بەهێز دەکات، بەپێچەوانەشەوە.

- **نەخش و دەوری ئێستای ڕۆژنامەوانی کوردی لە باشووردا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟ پاشان ئەم ڕەوتە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چۆن تاوتوێ دەکەن؟**

**مەهاباد:** لە باشووری کوردستاندا وەک ژمارە نەزیفێکی سەیر لە بواری ڕۆژنامەگەریدا ڕووی داوە و گۆڤار، ڕۆژنامە و بلاڤۆکێکی زۆر دەردەچێت. بەلام وەک جۆر ئەوانەی کە جیددی و کاریگەرن و خوێنەریان زۆرە ژمارەیەکی کەمیانە.
من ئەم دیاردەیەش وەک دیاردەییەکی ئاسایی پرۆسەگشتییەکە دەبینم لەم بەشەدا. لە ولاتی دنیاشدا هەر شار و شارۆچکە و دێیەک ڕۆژنامەی تایبەتی خۆی هەیە و بایەخ بە تایبەتمەندی ئەو ژینگانە دەدات کە تێیدا سەری هەلدەدات، بەلام هاوکات چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی جیددی دەمێنێتەوە کە لەسەرانسەری ولاتەکە بایەخ پەیدا دەکات.
سەبارەت بە ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی، تەنها خەبات و کوردستانی نوێمان هەن کە ئۆرگانی دوو حیزبی سەرەکین لە کوردستاندا. ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە کە زمانحالی حکومەت بێت نەک حیزبەکان، کە دەبووایە هەبێ،نیمانە. هۆی ئەوەیە کە تا ئەم ساتە حکومەتێکی سەرانسەری نەبووە و هەر یەک لە ڕۆژنامەکانی هەردوو حیزب، زمانحالی هەر یەک لە ئیدارەکانی حکومەتیش بوونە. بێجگە لە کەنالەکانی حیزب و حکومەت، لە کۆمەلگەیەکدا پێویست بە دەنگی تر هەیە و دەربڕینی جیاواز و ئۆپۆزیسیۆنیش هەیە. ئەوانەن کە گەشەسەندن و پێشکەوتن دەهێننە ئاراوە.

سەبارەت بە ڕۆژهەلاتی کوردستان، وەک قۆناغی پێش ڕاپەڕینی باشوور وایە. چونکە ژمارەی چاپەمەنییەکان سنووردارن دەتوانین ئاسانتر دەستمان بەهەموویان ڕابگات و چاک لە خراپ جیابکەینەوە. لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیشدا ئەگەر دەرفەتێکی وەک باشوور بڕەخسێت، لافاوێکی وا هەلدەستێ.
من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە باشووری کوردستاندا،ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لەیەک دەچن و هیچ جیاوازییەکیان لەگەل یەکدیدا نییە یەک بگرنەوە و تواناکان لە یەک شوێندا بەکاربرێن، بەوە باری خوێنەریش سووکتر دەبێتەوە و جۆری چاپەمەنییەکەش باشتر دەبێتەوە.

- **خاتوو مەهاباد ڕای ئێوە سەبارەت بە ڕەوشی ئێستاکەی ئەدەبی کوردی چۆنە و چ پێشنیارێکتان بۆ بەرەوپێشەوەچوونی بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی هەیە؟**

**مەهاباد:** لە هەر کۆمەلگەیەکدا کە باری ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسی پێشبکەوێت ڕەوتی ڕۆشنبیریش بۆ پێشەوە دەچێت. بۆ نموونە: ئەگەر لە ڕووی ئابوورییەوە مرۆڤ پێویستییە سەرەتاییەکانی پڕ بووبێتەوە و کێشەی نان لە ئارادا نەمێنێ یان هیچ نەبێت کەمبووبێتەوە، لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە دابونەریتە کۆنەکان گۆڕانیان بەسەردا هێنرابێت و ڕێساکۆمەلایەتییەکان لەگەل ڕۆحی چەرج و

گۆڕانکارییەکانی چەرخدا گۆڕانیان بەسەر هاتبێت و، لە ڕووی سیاسییشەوە ئەو کۆمەڵگەیە ئارامییەکی هەبێ لە ڕووی ئاسایشەوە، سەقامگیرییەکی هەبێت لە ڕووی ستاتووی سیاسی کۆمەڵگەکەیەوە و ناونیشانێکی دیاری هەبێت لەناو کۆمەڵگەکانی جیهاندا، هەروەها لە ڕووی دامودەزگای حکومی و حیزبییەوە دیموکراتی پەیڕەوی بکرێت، ئەوسا کلتووری ئەو وڵاتە بە گشتی ئاقارێکی سروشتی وەردەگرێت لە بەرەوپێشەوەچووندا و ئەدەبیش لەو کاروانە بەجێنامێنێ.
هێشتا کۆمەڵگەی کورد لە هەوڵی دروستکردنی ئەو کەشە ئارام و سەقامگیرە سیاسییەدایە و لەم بوارەدا لەهەنگاوەکانی سەرەتاوە نزیکە، بەهەمان شێوە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی. من تەنها بەوە گەشبینم کە هەوڵەکە هەیە و زۆربەمان لەم پرۆسەیەدا بە جۆرێ لە جۆرەکان بەشدارین و چالاکی دەکەین. چەند سەردەکەوین لە هەوڵەکانمان، پەیوەستە بەوەی چەند هەنگاوەکانمان بە عەقڵانی دەنێین و چەند دیموکراسی وەک پرنسیپ وەردەگرین و، چەند یەکتری بە جیاوازییەکانمانە قبوڵ دەکەین و خۆش دەوێ.

- ئاخۆ ئێوە تام و چێژ لە چ شاکار و کتێبێکی ئەدەبی گەلان وەردەگرن؟

**مەهاباد:** ماوەیەکی زۆرە جگە لە ئەدەب کە هەرچییەکم دەست بکەوێت دەیخوێنمەوە و بەدووی هەندێکیشیاندا بە تایبەت دەگەڕێم و پەیدای دەکەم و دەیخوێنمەوە بۆ نموونە ڕۆمانەکانی مارکیز، کتێبی کۆمەڵناسی، دەروونناسی و پێداگۆگی (پەروەردە) دەخوێنمەوە. بەهۆی ئەوەشەوە کە خوێندنم لە زانکۆدا لەم ڕشتانە بوو، ئاشنایەتییەکی باشم لەگەڵ زۆر لە کۆمەڵناس و دەروونناسی جیهاندا پەیدا کرد و لەناو هاوچەرخەکانیان سەرسامم بە بۆچوونەکانی ئەنتۆنی گیدینز، زیگمۆند باومەن و لە کۆمەڵناسە فێمینیستەکانیش بە مارلین فرەنچ و نینا بیۆرک.

- لە پێوەندی لەگەڵ کاریگەری و تێکەڵاوی ئەدەب و سیاسەت لەسەر یەکتری بۆمان باس بکە.

**مەهاباد:** سیاسەت تیکەڵاوی هەموو ژیان دەبێت بە ئەدەبیشەوە، کاریگەریشی لەسەر دادەنێت. کاریگەرییەکە لەو کۆمەڵگایانەدا زۆرە کە هێشتا کێشەیەکی چارەنووسسازانەی سیاسی لە ئارادایە و سیاسەت دەبێتە بابەتی هەموو گفتوگۆ و دانیشتنێکی ڕۆژانەی هەموو کەسێک. ئەم دۆخە لە کۆمەڵگەی کورد دا وایە، چونکە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا کێشەی چارەنووس و ناسنامە کێشەیەکی سەرەکی و زەقە. لە وڵاتێکدا و لەناو گەل و نەتەوەی وادا کە کێشەی چارەنووس و ناسنامە و قەوارە

نەمابێ، هەموو دیاردەکان ڕەوتی ئاسایی و سروشتی خۆیان دەگرن و ئەدەبیش تێکەڵ بە کێشەی سیاسی نابێت.

- **لە کۆتاییدا سەبارەت بە ئیماژی ژن لە زمان و داهێنان و ڕامانی کوردیدا بۆمان بدوێ.**

**مەهاباد:** دەتوانم تەنها بە کورتی لەم بارەیەوە بدوێم، چونکە ئەمە لێکۆڵینەوەیەکی دووروودرێژە لەم بوارەدا کردوومە و هێشتاش کاری تێدا دەکەم.
لەو لێکۆڵینەوەیەدا دەمەوێ پەیوەندی نێوان بیرکردنەوە و زمان و ئەو ئیماژ و سیمبۆلانەی کە کاریگەری لەسەر جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤ دادەنێن و تێڕوانینی ئەو مرۆڤانە لەسەر بناغەی ئەو ئیماژانە شێوە دەگرێت. لە زمانی کوردیدا ئیماژی ژن وەک لاواز، بێدەسەلات، کەمتوانا شێوەی گرتووە و لەناو بیرکردنەوە و ڕامانی مرۆڤی کورددا ئەم ئیماژە لە ڕێگەی زمانەوە بە هەمان شێوەی نەریتی دەردەبڕدرێ و لەناو داهێنانی کوردیشدا بە هەمان وێنە دەردەکەوێتەوە. دەمەوێ بە نموونەوە ئەوە بسەلمێنم کە داهێنەرانی کورد چۆن زمانیان بەکارهێناوە، بەشێوە نەریتییەکەی یان بە شێوەیەکی مۆدێرن.